دادگای کەرکوک سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەر بازرگانێکی ماددەی هەشبەردا سەپاند

ڕۆژی دووشەممە (2023/8/28)، دادگای تاوانی کەرکوک سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەر بازرگانێکی ماددەی هەشبەردا سەپاند بە تاوانی بازرگانیکردن بە ماددە هەشبەرەکانەوە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە بەیاننامەیەکدا کە ئاژانسی "موتەبع" پێی گەیشتووە ڕایگەیاند، "بازرگانەکە دەستگیرکراوە بە هەڵگرتنی یەک کیلۆ و 56 گرام ماددەی هەشبەر بە مەبەستی بازرگانیکردن و بڵاوکردنەوەی لێنەو بەکارهێنرانی لە ناحیەی شوان لە پارێزگای کەرکوک".

ئاماژەی بەوەشکردووە، "بەیارمەتی بەپێی ماددەی 28ـی یەکەمی یاسای ماددە هەشبەرەکان و ماددە کاریگەرە دەروونییەکانی ژمارە 50ـی ساڵی 2017 دەرچووە".